# فاشیسەکان و یەکی مەی

حەسەن سەیدباقی

ئەمڕۆ لەیادی یەکی مەیداو لەڕۆژی هەستانەوەو بەگژاچونووەدا، دیسان فاشیستەکان دەست بە جوڵە دەکەن. بە ڕێگـە دانـیان لەلایـەن دەسـەڵاتداری شـاری گۆتینگـنەوە بـۆ مارشـی نـوێـیان. بـەڵام سـەرلەبەیانی ئەمـڕۆ دژە فاشیسـتەکان، چـەپڕەو کۆمۆنیسـتەکان لەو پەڕی ئامادە باشیدا بوون، دژی ئەو مارشەی بڕیار بوو بکرێت. واتە هاتـنی نازیـەکان لەژێـر پـەردەی NPD داو بـەهاوکاری پۆلیس. هەزارەها پۆلیس لەو ناوەدا بوو، هەموو کون و کەلەبەرێکـیان تـەنی بـوو. بـەڵام بـەهۆی بەرپـەرچـدانەوەیان لەلایـەن گروپە چەپ و ڕادیکالەکانەوە، نەیان توانی بـەرەو سـەنتەری شـار بـڕۆن، بۆیـە دەسنبشـانی ئـەوەیان بـۆ کـردن بچـنە گۆڕەپـانی شوتسن پلاتس، لەوێدا بە هاوکـاری پۆلـیس و ڕێگـە نـەدانی خـەڵك بەنـزیك کەوتـنەوە لێیان. چەندین کم دوور لەوان ڕێگە نەئەدرا هاتووچۆ بکرێـت. ئـەوجا توانـیان ڕێپـێوانەکەیان دەسـت پێـبکەن، بەبەرزکـردنەوەی دروشمی دژە بیانی لە ئەڵمانیادا لەو دروشمانە(**<u>چاپەمەنی و تەلەڤیزیۆن درۆزنن– کارو خانوو بە پلەی یەکەم بۆ ئەڵمانیەکان– بۆ دەرەوە بۆ دەرەوە ئـاوس لـەندە(بیانـیەکان) بـۆ دەرەوە– فەرەنسـا بـۆ فەرەنسـیەکانە،ئیتالیا بـۆ ئیتالـیەکانە، ئەڵمانـیاش بـۆ ئەڵمانیـەکانە– خـەباتمان دژی کەبیتاڵە، بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزمی نەتەوەییە)</u>** ئەمەو گەڵێ دروشمی گەندەڵی تر کـە مرۆڤ شەرم لە مرۆڤ بونی خۆی دەکات بەرامبەر ئەو دروشمانە. ئەمەو نزیکەی ٢٥٠ تا ٣٠٠ کەسێك دەبوون بە پارێـزگاری هـەزاران پۆلـیس لـە گۆڕەپانەکـە هاتـنە دەرێ و چـەن شەقامێکی کەنار شاریان بڕی و بەسەر شۆڕی گەڕانـەوە مۆڵگەکـەیان. گەرچـی قەدەغـەبوو جـەماوەر نزیکیان بکەوێتەوە، بەڵام زۆر بە ناڕەحەت چەندین کەس توانـیان بـیان گـەنێ ولـەدەوریان خـڕ ببـنەوە. **<u>دروشمـی مـەرگ بـۆ فاشیسـتەکان و بـۆ دەرەوە بـۆ دەوەوە فاشیسـتەکان بۆدەرەوەیـان دەووتـەوە</u>**. بـەڵام لەسـنتەر ئاهـەنگ و ڕیپێوانـێکی چـەند هەزارکەسی بەڕێوە چوو. نزیکەی ٤ کاتژمێر بەردەوام بوو. هەروەها گەر توانا هەبێت، ئەوا دۆکۆمێنتی ئەمڕۆکە لای من هەیە بۆ نیشاندان.

ئەڵمانیا ٢٠٠٢/٥/١



©Kurdistan Net